
# بە نێو تۆدا

ئۆکتاڤیۆ باس
لە ئیسپانییەوە: ئەحمەدی مەلا
(ئیسپانیا)



لاپەڕەی ڕۆژ قەد دەکەم
ئەوە دەنووسمەوە
کە جووڵەی برژانگت پێم دەڵێن.
***
دەستم
پەردەی بوونی تۆ دەکەنەوە
بە ڕووتییەکی دی پۆشاکت دەکەن

لەشی لەشەکانت دەدۆزنەوە
دەستم
جەستەیەکی دیکەی جەستەت دەئافرێنن.
***
دەچمە نێو تۆ
حەقیقەتی شەوەزەنگ.
ڕوونیی تاریکیم دەوێ
خواردنەوەی شەرابی ڕەش :
فەرموو، چاوانم، بیانتلێسنەوە.
***
دڵۆپە شەوێک لە سەر پنتێکی مەمانت
مەتەڵی مێخەک.
***
بە داخستنی چاوان
دەیانکەمەوە لە نێو چاوانی تۆ.
***
لەسەر دۆشەکی شەرابی
هەمیشە بە ئاگا
شێدارە زمانت.
***
حەوز لە باخچەی خوێنبەرانت هەن.
***
بە دەمامکی خوێن
سپی، بە بیرکردنەوەتدا ڕەت دەبم
نابەڵەد ڕێنماییم دەکات
بەرەو پشتەوەی ژیان.

سەرچاوە:
https://www.youtube.com/watch?v=tbhva-iDeVw